# کائیوس چییه و چ کائیوسێك لەباشووردا دەگوزەرێ..؟!

حەسەن جودی
Hesen_cudi@yahoo.com



کائیوس؛ ئەو دۆخەیە کە سیستەمێك، کۆمەڵگایەك، کایەیەك توانستی دەربازبوونی لەگرفت و ناکۆکییەکانی خۆی لەدەستدەدات و لەخۆنوێکردنەوە و هەڵکشان دەکەوێ و لەنێو پێکوتە(مراوحە)و خۆ دووپاتکردنەوەدا دەژییێت و تادەگاتە ئاستی تەقینەوە بەردەوام دەبێت. ئەو سیستەم و کۆمەڵگا و کایەیەی بکەوێتە نێو کائیوس(فەوزا ـ گێژاو)ەوە دۆخی سروشتی خۆی لەپێشکەوتن و گۆڕان لەدەستدەدات و دیاردە پەرگیر و دەرهاویشتەکانی لەدیاردە سروشتی و ڕێساییەکانی زیاتر و زاڵتر دەبن و فۆرمێکی ئاسایی و باو وەردەگرن. دۆخی کائیوس(گێژاوبوون) دۆخێکە کۆتایی بەقۆناخێك دێنێ و شیمانەی دەستپێکردنی قۆناخێکی نوێ زیاتر دەکات. دەکرێت زەمەنی کائیوسی درێژبکرێتەوە، بەڵام هەرگیز ناکرێت بەبێ دەستپێکردنی قۆناخێکی نوێی جودا کائیوس تێبپەڕێنرێ. بەو رادەیەی لەزەمەنی کائیوس( فەوزا)دا ئۆرگانەکان، جومگەکان، پەیوەندییەکان، بەهاکان، دینامیك و ئالیەتەکان لەنێو بێ سیستەمی و بێ سەروبەری و داڕووخان و تێکشکاندا دەژین، بەهەمان رادەش لەزەمەنی دوای کائیوسدا بەرەو سیستەماتیکبوون و رێکخستەبوون و خۆبونیادنانەوە و هەڵکشان ئاراستەگیر دەبن، هەر وەك دۆخی کائیوسدار لەخۆڕا و بێ پێشینە نییە، قۆناخی دوای کائیوس (دۆخی بێ کائیوس)یش هەروا لەخۆڕا نایەت و پێشینەی خۆی هەیە.

کائیوسبوون ئەو هەڵدێرەیە کە ڕێگەی گەڕانەوەی نییە. ئەو سیستەم و کۆمەڵگا و کایەیەی بکەوێتە دۆخی هەڵدێرانەوە هەپڕوون بەهەپڕوون دەبێت و لەنێو لێکترازانێکی بێ ئامان و تراژیدیاییدا دەژی، هەرچی بەها هەیە بێ واتا دەبێت، وەك چۆن لەدیرۆك و ڕیشەیەوە دابڕانێك دێتەئاراوە، بەهەمان شێوەش داهاتوویەکی لێڵ و تەمومژاویش لەگەڵ خۆیدا دێنێ. لەرووی دیالێکتیکیەوە؛ دەکرێ دۆخی کائیوسی لەسەر بنەمای "گۆڕان لەچەندایەتییەوە بۆ چۆنایەتی" شیبکرێتەوە و ببینرێ، چونکە ناکۆکی و ململانێییەکان، کێشە و گرفتەکان، قەیران و تەنگژەکان لەمیانەی بەردەوام پەرەسەندن و گرژبوون و ئاڵۆزبوونیاندا دەگەنە خاڵی بنبەستی و گرێکوێرەیی و لەئاکامی بەیەکگەیشتنی فاکتەرە بابەتی و خودییەکان (ئۆبژێکتیفی و سوبژێکتیفی)دا ئیدی دۆخی کائیوسی دەئافرێنن. بەمەش دیاردە و مەسەلەکان دەستبەرداری پێگە چەندایەتییەکانیان دەبن و پێگەیەکی چۆنایەتی(نوعی) قازانج دەکەن. لەقۆناخی چەندایەتی(کمی)دا کە هێشتا دیاردە و مەسەلەکان لەنێو شێوەگرتن و جوڵەیەکی سەرەتایی و پەراوێزیدان. گەلێك شەپۆل و رەوت و بزاڤ و ئاراستەی جوداجودا وەك کاردانەوە (رەفلێکس)ی سەرەتایی دەردەکەون و لەنێو لێگەڕێندا دەبن و بەدوای سیما و ناسنامەی خۆیاندا دەگەڕێن، بەڵام هێشتا هەڵاوێرد و شێوەگیر و جەمسەرگیر نەبوون. کەچی لەقۆناخی چۆنایەتییدا؛ کە ئیدی دیاردە و مەسەلەکان شێوە دەگرن و پێدەگەن و ئاکتیف دەجوڵێن، شەپۆل و رەوت و بزاڤ و ئاراستەکانیش بەو رەفلێکسەی هەیانە فۆرمێکی رێکخستەیی وەردەگرن و ئاراستەکانیان وەك پرۆژە بەرنامەگیر(پرۆگرامیزەکردن) دەکەن و هەریەکەو بەناسنامە و سیمای خۆی دەکەوێتە نێو کار و چالاکییەوە. هەروەها لەنێو رووداو و کێشمەکێشەکانیشدا خۆ هەڵاوێرد دەکەن و شێوە دەگرن و لەجەمسەری خۆیاندا سەنگەر دەگرن. ئەم پێشکەوتن و ئاڵوگۆڕەش خۆی لەخۆیدا بزاوتنێکی دیالیکتیکیانەیە، بەڵام حەتمییەتێکی مێژووییش نییە. واتا مەرج نییە دیاردە و مەسەلەکان سەرتاپایان بەگۆڕان لەچەندایەتییەوە بۆ چۆنایەتی بەیەك شێوە تێبپەڕن و ئاراستەگیر ببن، چونکە ئەگەری چارەسەری یان پووکانەوەی برێك یان زۆربەی دیاردە و مەسەلەکان

هەیە، هەروەها ئەگەری ئەوەش هەیە ئەو رەوت و بزاڤ و ئاراستە و شەپۆلانە لەغیابی فاکتەرە خودییەکاندا کاڵ ببنەوە و لەبار بچن.

لەدەقە میتۆلۆژیایی و پەرتووکە ئاینییەکاندا، لەفوولایی دیرۆك و شارستانییەتەکاندا، لەگەلێك چیرۆك و سەربردەدا، حیکایەتی کائیوسبوونەکان (کەوتنە نێو گێژاو و فەوزاکان)مان بۆ دەگێڕنەوە. چیرۆك و سەربردەی پێخەمبەران و قەومەکانیان، پاڵەوان و حەکیم و رێبەرەکان سەرتاپایان گێڕانەوەی حیکایەتی دۆخە گێژاوییەکانن. شۆڕش و رێنسانس و قەڵەمبازە مێژووییەکان، گێڕانەوەیەکی دیکەی هەمان حیکایەتی دۆخە گێژاوییەکانە. تەنانەت گێڕانەوەی دوا فەسڵی ئەو حیکایەتانەیە کە باس لەدۆخێکی گێژاوی ( کائیوسی) دەکەن و ئاکامەکەی بەشۆڕش و سەرهەڵدان، یاخود بەرێنسانس و قەڵەمبازی دیکەی مێژوویی کۆتاییان پێدێت. لەو حیکایەتانەدا هەر تەنیا باس لەلایەنی خێرخواز و لایەنی شەڕانگێز، ململانێ و ناکۆکی نێوانیان و ئاکامی ئەو ململانێ و ناکۆکیانە ناکەن، بەڵکو باس لەوەش دەکەن کە چۆن رەوتێك، بزاڤێك، شەپۆلێك کائیوس(گێژاو) وەکو قەدەر دەبینن و قەدەرخوازن و لەبەرامبەریشیاندا هەن کە باوەڕ بەم قەدەرە ناکەن و قەدەرشکێنن. یاخود ئەوانەی مەیلی کۆتگیری(تقید) دەپارێزن و ئەوانەش کە لەدژی ئەم کۆتگیرییەن و قەڵەمبازهاوێژن و پێهەلگیری(أنگلاقە) ئەنجام دەدەن. ئەگەر دۆخی کائیوسی وەك حیکایەتێك بچوێنین و بەسەر سێ فەسڵ یان قۆناخ دابەشی بکەین، ئەوا دەتوانین بەم شێوەیە باسی لێوە بکەین: فەسڵی یەکەم: دەرکەوتنی کێشە و گرفت و ناکۆکی و قەیرانەکان و چارەسەرنەکردنیان. فەسڵی دووەم: قووڵبوونەوە و بنبەستبوون و کەڵەکەبوونی ئەو کێشە و گرفت و ناکۆکی و قەیرانانە. فەسڵی سێیەم: دەستپێکردنی سەرهەڵدان و شۆڕش، یان رێنسانس و قەڵەمبازە مێژووییەکان لەپێناو چارەسەرکردنی ئەو کێشە و گرفتانە و یەکلاییبوونەوەی ململانێ و ناکۆکییەکان و رزگاربوون لەقەیرانەکان... ئەگەر هۆکار و بنچینەی کێشە و گرفت و ململانێ و ناکۆکی و قەیرانەکان ناعەدالەتی، نایەکسانی، جوداکاری، نەبوونی ئازادی و دیموکراتی...هتد بێت، ئەوا لەفەسڵی دووەم، یان بڵێین لەقۆناخی دووەمدا، ئەو ناعەدالەتی و نایەکسانییە، یاخود نەبوونی ئازادی و دیموکراتییە دەگاتە ترۆپك و لوتکەی خۆی و ئیدی توانستی بەرگەگرتن و بێدەنگبوون و دانبەخۆداگرتن نامێنێ و وەك گڕکان بەدوای دەرەتانێکدا دەگەڕێ. بۆیە لەفەسڵ و قۆناخی سێیەمدا رەوتێك یان بزاڤێك وەك فاکتەرێکی خودی دەردەکەوێ و کۆتایی بەحیکایەتی کائیوسیبوونەکە دێنێ. ئیدی جموجۆڵ و هەوڵ و چالاکییەکانی ئەو رەوت یان بزاڤە بەشۆڕش، یان سەرهەڵدان، یان رێنسانس یان لەهەر شتێکی دیکە ناوزەد دەکرێت. هەڵبەتە لەئان و ساتی شۆڕشدا یان ئەنجامگیربوونی شۆڕشدا ئەگەری دەرکەوتنی رەوت و بزاڤێکی دژە شۆڕشیش جێی باسوخواسە، کە خوازیاری گەڕانەوەی بۆ زەمەنی کائیوسی هەیە، بەڵام ئەنجامگیربوون یان بێئەنجامی ئەو جۆرە رەوت و بزاڤە دژە شۆڕشی و دژە قەڵەمبازیانە تاڕادەیەکی زۆر پەیوەستە بەچۆنایەتی شۆڕش یان ئەو رێنسانس و قەڵەمبازەی بەرپاکراوە یان هاوێژراوە. واتا چەندە ئەو شۆڕش و رێنسانسە رەگداکوتاو بێت و بەرهەمدار بێت، ئەوا ئەوەندەش پرۆسەی رووخاندن و سەرلەنوێ بونیادنانەوە، کە ئەرك و گەوهەری هەموو شۆڕش و قەڵەمبازە مەزنەکانە، سەرکەوتوو و ئەنجامگیر دەبێت، ئەوەندەش مۆرکی خۆی لەقۆناخی دوای کائیوس دەدات، ئەوەندەش بزاوت و رەوتە دژە گۆڕان و دژە وەرچەرخانەکان کرچ و کاڵ و لەپەراوێزدا دەبن. ئیدی سەردەمی حیکایەتێکی نوێ لەدوای حیکایەتەکەی کائیوس دەستپێدەکات. هەر کاتێك فەسڵی یەکەمی ئەو حیکایەتە نوێیەش بەردەوام بێت ئەوا ئەگەری دەستپێکردنی فەسڵی دووەم و تەنانەت سێیەمیش لەئارادا دەبێت. بەڵام تاوەکو فەسڵی یەکەم نەبێت، ئەوا مسۆگەر فەسڵەکانی دیکەش نابن. لێکچوواندنی دۆخی کائیوسی بەسروشتی حیکایەتێك زیاتر مەبەست وێناکردن و تێگەیشتن بوو لەراستینەی دۆخی کائیوسی. بەڵام ئەم دۆخە خاوەن سیما و تایبەتمەندییە و بەشێوەیەك لەشێوەکان سەرجەم یان زۆربەی هەرە زۆری دۆخە کائیوسییەکان هەمان سروشت و سیما و تایبەتمەندی و دەرئەنجامیان هەیە و لەیەکدی دەچن. بۆ نموونە: باڵادەستی دەسەڵاتێکی رەهاخواز و پاوانخواز و دەسپۆت، هەبوون و رەگداکوتانێکی قووڵی گەندەڵی، نەبوونی داهێنان و خۆدووپاتکردنەوە و سوانی شتەکان، زاڵبوونی ناعەدالەتی و نایەکسانی و نەبوونی ئازادی و بەسروشتی ژیان. بێواتابوونی بەهاکان و پێوانەکان، پەرەسەندنی توندوتیژی و زەبروزەنگ، چەقبەستوویی ئەقڵییەت و

باڵادەستبوونی قەدەرگەرایی و....هتد هەموو ئەمانە سیما و ئاماژەن بۆ هەبوونی دۆخێکی کائیوسی .... لەکوێ و کەی ئەو سیما و ئاماژانە هەبن واتا دۆخێکی کائیوسیش هەیە، ئیدی دانی پێدا بنرێ یان نا، دەرکی پێبکرێ یان نا...!!

بەگوێرەی ئەم پێناس و لێکدانەوەیە بێت، ئەوا ئەمڕۆ جیهان بەگشتی و خۆرهەڵاتی ناوین و ئێراقیش بەتایبەتی لەنێو کائیوسێکی کوشندەدا دەژین. راستینەی دۆخەکەش لەرۆژگاری ئەمڕۆدا دۆخێکی کائیوسییە. بەڵام داخوا باشووری کوردستان لەکوێی ئەم کائیوسەدا دەژی؟!.. یان با بڵێین: لەچ فەسڵ یان قۆناخێکدا دەگوزەرێ؟. به لەبەرچاوگرتنی ئەو پێناس و لێکدانەوەیەی بۆ دۆخی کائیوسیمان کرد، هەروەها لەمیانەی شیکردنەوەیەکی بابەتییانەی ئەو دۆخەی باشووری کوردستان کە لەرۆژگاری ئەمڕۆماندا تێیدا دەژییێت، ئەوا رێك لەقۆناحی دووەم یان فەسڵی دووەمی حیکایەتی کائیوسبووندا دەژییێت، واتا باشووری کوردستان لەسەرجەم کایەکانی ژیاندا "زیهنییەت، رۆشنبیری، ئابووری، سیاسی، کۆمەڵایەتی، سایکۆلۆژی و ....هتد" کێشە و گرفت و ناکۆکی و ململانێ و قەیرانەکان تا دێت بەسەر یەکدا کەڵەکە دەبن و قووڵدەبنەوە و بێ ئەوەی ئاراستەی چارەسەری بگرن بەبنبەستبوون گەیشتوون. لەم دۆخەدا؛ سەرجەم ئەو سیما و تایبەتمەندییانەی باسیان لێوەکرا لەرەوشی ئەمڕۆی باشووردا بەڕوونی دەبینرێت و دەرکی پێدەکرێت. هەروەها هەرچەندە بەهێواشی و لەسەرخۆش بێت، بەڵام دیاردە و مەسەلەکان لەدۆخی گۆڕاندان لەباری چەندایەتییەوە بۆ باری چۆنایەتی. باشووری کوردستان لەهەموو رووێکەوە لەنێو بێ سیستەمی و گەرەلاوژەیی و تێکشکان و داڕووخاندا دەژییێت، گەندەڵی تا بینەقاقای تاك و کۆمەڵگا و دەسەڵاتی گرتۆتەوە، توێژێك کە دەسەڵاتداران دەستیان بەسەر هەموو کایەیەکی ژیاندا گرتووە و خاوەن پێکهاتەیەکی عەشیرەتی و فیۆداڵی و بۆرژوای بازرگانین و مشەخۆر و وابەستەن. ناعەداڵەتی و نایەکسانی و ناهاوسەنگی تادێت پەرەدەستێنێ، پانتاییەکانی ئازادی، دیموکراسی و ماڤ مرۆڤیش تا دێت بەرتەسك دەبێتەوە، داهێنان و خولقکاری لەسەرجەم بوارەکاندا لاوازبووە و تادێت خۆ دووپاتکردنەوە و رۆتینبوون گەشە دەکات، لەبری گەشەپێدانی بەرهەمهێنان و خۆهێزی (القوە الژاتیە) تاك و کۆمەڵگایەکی بەرخۆر(مستهلك) و مشەخۆر و تەمبەڵ پێشدەکەوێت. هەروەها تا دێت دابڕان لەمێژوو و رەسەنایەتی نەتەوەیی دێتەئاراوە و گرفتی ناسنامە و ئینتیما گرفتی هەرە بەرچاوی نەتەوەیە، لەهەمانکاتیشدا پێکداخشان (احتکاك)ێکی نێگەتیفی لەگەڵ دونیای دەرەوەی خۆی هەیە، کە پشت بەلاساییکردنەوە و ئینتیماکردنی کوێرانە دەبەستێت، بەتایبەتی لەگەڵ خۆرئاوادا. لەمەش مەترسیدارتر ئاراستە و رەوتێکی سەرسوڕهێنەرانەی قەدەرگەرایی و غەیبانییەت و فێندەمێنتاڵی لەتەشەنەسەندن دایە، لەرووێکی دیکەوە بەها مۆڕاڵی و مەعنەوییەکان لەکزبوون و بێ واتابووندان و ئەوانەی پێیان دەگووترێ بەها ماددییەکان لەبەهێز بوون و زاڵبووندان، لەبواری کولتووری و رۆشنبیرییەوە تا دێت دادەتەپێ و رۆحی خۆی لەدەستدەدات، هونەر و ئەدەبیات هەر لەکورتیدایە و کرچ و کاڵی باڵی بەسەردا کێشاوە و مرۆڤ تێر ناکەن و بێ داهێنان و نوێکارین. هەرچەندە بەبەراورد لەگەڵ رەوشی گشتی ئێراق جۆرێك لەئارامی و ئاسایش بەدی دەکرێت، بەڵام لەنێوان تاکەکاندا، تاك ــ کۆمەڵگادا، تاك و کۆمەڵگا ـ دەسەڵاتدا، دەسەڵات ـــ هێز و لایەنە ئۆپۆزسیۆنەکان و مەیل و داخوازییە سڤیلییەکاندا، مرۆڤ ـ ژینگەدا، پیاو ـژندا، باوك ـ منداڵەکانیدا... توندوتیژی و زەبروزەنگێکی بێ سنوور لەئارادایە، رەوشی ئارامی و ئاسایشی گشتی سەرتاپای ئەو توندوتیژییانەی شاردۆتەوە و پەراوێز خراون. هەڵبەتە ئەو توندوتیژییە هەر بەتەنیا لەرووی جەستەیی و دەروونییەوە نییە، بەڵکو لەرووی رۆحی و زیهنییەتیشەوەیە، بەمەش تۆقاندن و ترس و فۆبیایەکی مەزن رۆح و دەروونی تاك و کۆمەڵگای تەنیوەتەوە. لەڕووێکی دیکەشەوە چەقبەستوویی و باڵادەستی زیهنییەتی عەشیرەتگەرایی و خێڵگەرایی دۆزەخێکی بێ وێنەی بۆ کۆمەڵگا بەگشتی و ژنان و لاوان بەتایبەتی سازداوە، مەگەر هەر تراژیدیای خۆسووتاندن و خۆکوشتنی ژنان و کوشتن و هەتککردنی رۆژانەی ژنان کە وەك کۆمەڵکوژییەکی بەردەوام نیشانبدات کە چ دۆزەخێکە، مەگەر هەر تراژیدیای کۆچی بەلێشاوی لاوان بۆ هەندەران و سوکایەتی و چەپاندنی رۆژانەیان بیخاتەڕوو کە چ دۆزەخێك وا لەئارادایە. بێگومان باری دەروونی منداڵان و بەساڵاچووان و رەوشی گوزەرانیان بۆ خۆی تراژیدیایەکی دیکەی مەزنە و کەسیش گوێی پێ نادات. هەروەها ئەو تراژیدیایەی بەسەر ژینگە و سروشتدا دێت نە کەس لێی دەپێچێتەوە و نەدەبێتە رۆژەڤیش.

لەباشووردا چەمکی براگماتیکی و مەکیاڤیلیێتی چەمکی هەرە باڵادەستە لەدانوستاندن و پەیوەندییە ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکاندا، ئەم باڵادەستەییە هەرە زێدە لەژیانی سیاسی و پارتایەتییدا دەردەکەوێتە پێش، بەڕادەیەك سیاسەتزانی و سیاسیبوون بۆتە بازرگانی و ڕانچێتی هەرە بەرچاو. بێگومان ئەم دۆخە سیاسییە وێڕای درووستبوونی نوخبەیەکی سیاسی گەندەڵ و مشەخۆر، گەلێك دەستکەوتی نەتەوەیی و دیموکراتیشی لەئاستی ئێراق و هەرێمی کوردستانی بەفیڕۆ داوە و ئیرادە و داخوازی گەل بەقەد گەردیلەیەك لەبەر چاو ناگیرێت و دەسەڵاتداران ئامادەش نین دان بەم هەموو دۆڕاندن و نسکۆ سیاسییانە بنێن کە تێیدا نغرۆ بوونە، لەمەش مەرگەساتتر ئەوەیە؛ دوای ئاشکرابوونی هەزاران دۆسیەی سیخوڕێتی و خیانەتکردن هیچ هەژاندنێکی سیاسی لەئاستی ئەم هەموو فایل و دۆسیە ئابڕووبەرانەیە ڕوونەداو وەك مێش میوانیان نەبووبێت وا هەڵسووکەوت دەکەن. وێڕای هەموو ئەمانەش دژایەتییەکی سەرسەختانەی هەر هەڵوێست و بزاوتنێکی ئۆپۆزسیۆنیش دەکەن و لەشوێنی یاسا و مافپەروەری بڕیار و فەرمان دەردەکەن. هەروەها تادێت زیندانە نایاسایی و شاراوەو نهێنییەکان لەزیندانە یاسایی و ئاشکراکان زیاتر دەبن. هەموو ئەو مەسەلانەی ئاماژەیان پێدرا نموونەی خرواریکە لەو دۆخە کائیوسییەی ئەمڕۆ لەباشووری کوردستاندا لەئارادایە. دەکرێ قەبارە و پانتایی ئەو تابلۆ کائیوسییە زیاتر و وردتریش بخرێتەڕوو و شیکردنەوەی بەرفراوانی لەسەر بکرێت. بەڵام ئەوەی لێرەدا گرنگە باشوور بۆچی و چۆن کەوتۆتە نێو ئەم دۆخە کائیوسییەوە؟. دەکرێ بەپووختی لەچەند خاڵێکدا ئاماژە بەهۆکارەکان و چۆنێتی تێکەوتنی باشوور لەو دۆخە کائیوسییە بکەین:

1)ـ لەگەڵ کۆتاییهاتنی سەردەمی شارستانییەتی کۆمەڵگای سروشتی (قۆناخی نیۆلۆتیك) لەسەرجەم جوگرافیای میزۆپۆتامیادا و بەدەستپێکردنی سەردەمی شارستانییەتی کۆمەڵگای چینایەتی، ئاراستەیەکی جودا لەئاراستەی کۆمەڵگای سروشتی لەرووی کۆمەڵگابوون دێتە ئاراوە، بەمەش لەمیانەی شێوەگرتنێکی جودای کۆمەڵگای سروشتی لەرووی کۆمەڵگابوونەوە، کە لەسەر بنەمای دابەشبوونی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگاکان بونیادنراوە، هۆز و قەوم و گەلانی میزۆپۆتامیا تا دەهات دابڕان لە کولتوور و میراسی کۆمەڵگای سروشتی دەهاتە ئاراوە. میزۆپۆتامیای ناوەڕاست (باشووری کوردستان) لەمیانەی گەلێك هۆکاردا لە هەر شوێنێکی تر زیاتر دەکەوێتە نێو گرفت و کێشە و ململانێیەوە. لەگەڵ دەستپێکردنی قۆناخی شارستانی چینایەتی تا ڕۆژگاری ئەمڕۆ زیهنییەتی خێڵایەتی – عەشیرەتگەری باڵادەستبووە و لەگەڵ خۆیدا چینێکی باڵادەستی لەسەرووی کۆمەڵگاوە پێکهێناوە. بێگومان ئەم قۆناخە نزیکەی پێنج هەزار ساڵێکی خایاندووە. لەم رووەوە ئەوەی جێی ئاماژەپێکردنە ڕەگ و ریشەی گەلێك کێشە و گرفت بۆ ئەم قۆناخە دوور و درێژە دەگەڕێتەوە و بەسەر یەکدا کەڵەکە بوون و وەك گرێکوێرەیەك تا هاتووە ئاڵۆزتر بووە. لەسەدەی بیستەمدا ئەو کێشە و گرفتانە گەیشتوونەتە ئاستی بنبەستبوون و کۆمەڵگای لەناوەوە داخوراندووە. بۆ زیاتر تێگەیشتن و قووڵبوونەوە سەبارەت بەم خاڵە پێویست دەکات بەوردی موتاڵای هەردوو پەرتووکی سەرۆك ئۆج ئالان (لە دەوڵەتی راهیبی سۆمەرەوە بەرەو شارستانییەتی دیموکراتی ــ بەرگریکردن لە گەلێك) بکرێت.

2)ـ لەگەڵ سەرهەڵدانی جەماوەری "1991" کێشە و گرفتە قووڵ و هەڵواسراوەکانی کۆمەڵگای باشوور دەرفەتی تەقینەوە و ئاشکرابوونیان زیاتر بۆ رەخسا. دەسەڵاتە یەك لەدوا یەکەکانی ئێراق بەگشتی و دەسەڵاتی بەعس بەتایبەتی شێوە و فۆرمێکی تا بڵێی کرێت و ناشیرینیان بەکۆمەڵگای کوردەواری لەباشوور داوە. هەر بۆ نموونە: لەکۆمەڵگایەکی شەش ملیۆن کەسیدا نزیکەی ملیۆنێك کەسی کردبووە جاش و کرێگرتە و ئەمن و ئیستخبارات و...هتد.. لەماوەی نیو سەدەدا نزیکەی ملیۆنێك مرۆڤی ئەنفال و کوشتووە و قەتڵ و عامی کردووە. زیاتر لەچوار هەزار گوند و شارەدێی وێرانکردووە و دیمۆگرافیای چەندین شار و شارۆچکەی تێکداوە، ئەمە جگە لەو ژینۆسایدە سپییەی کە لەماوەی ئەو نیو سەدەیەدا بەچڕ و پڕی ئەنجامی داوە. لەدوای راپەڕینی "1991"ەوە ئاکامی هەموو ئەو پرۆسە وێرانکارییانە دەرکەوتنە روو و وەك گرفت و کێشەی دژوار ڕووبەڕووی تاك و کۆمەڵگا و دەسەڵاتی باشوور بوونەوە. ئەی دەسەڵاتی باشوور لەبەرامبەر هەموو ئەو گرفتانەدا چیکرد و چ هەڵوێست و رەفتارێکی نواند؟

3)ـ هەردوو هێزی دەسەڵاتداری باشوور، کە لەبنەڕەتدا نوێنەرایەتی چینی باڵادەستی نێو کۆمەڵگای کوردەواری دەکەن، لەبری هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشە و گرفتانەی بەردەوام بەسەر یەکدا کەڵەکە دەبوون، لەبری بیرکردنەوە و پرۆژەدانان بۆ سەرلەنوێ بونیادنانەوەی تاك و کۆمەڵگای کوردەواری لەرووی زیهنی و رۆحی و کولتووری و کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی و دەروونی .... هتد، هەستان هێندەی تر قوڕەکەیان خەستتر کردەوە و گرفت و کێشە و قەیرانی زیاتریان هێنایە ئاراوە. ئەوەی رژێمە یەك لەدوا یەکەکانی ئێراق و بەعس بەتایبەتی نەیانتوانی ئەنجامی بدەن، ئەو چینە باڵادەستەی کورد بەزیادیشەوە ئەنجامیاندا، بەڕادەیەك دۆخێکی دۆزەخییان بۆ مرۆڤی کورد لەم پارچەیەدا سازدا کە جۆش و خرۆش و ئامانجە پیرۆزەکانی راپەڕینیان لەبیر خەڵك بردەوە. نموونەیەکی ئەوەندە ناشیرین و کرێتی دەسەڵات و بەڕێوەبردنی کۆمەڵگایان پراکتیزە کرد، کە نەك هەر کێشە و گرفتە کۆنەکانیان چارەسەر نەکرد، تەنانەت بەکێشە و گرفت و ناکۆکی و ململانێ و قەیرانی سەردەمی دوای راپەڕین کۆمەڵگایان دارژاند و تلاندەوە، بەڕادەیەك بەسەدان هەزار گەنج و رۆشنبیر و پسپۆڕ و خەڵکانی ئاسایی، بۆ جاری یەکەم لەمێژووی کوردانداا، بەدەر لەهەموو پەیوەستبوون و ئینتیمایەکەوە بۆ نیشتمان، بەرەو هەندەران و تاراوگەیی بەناچاری کۆچیان کرد و بەسەدان هەزاری تریش خولیای کۆچکردنیان بکەوێتە کەللەوە، لەماوەی پازدە ساڵدا زیاتر لەپازدە هەزار ژن خۆیان سووتاندووە و خۆیان کوشتووە، کوژراون و هەتککراون یان توندوتیژی لەرادەبەدەریان لەبەرامبەردا جێبەجێکراوە، هەروەها بەدەیان هەزار گەنج بوونەتە قوربانی جەولە یەك لەدوا یەکەکانی شەڕی براکوژی و شەڕە حزبانێ. پێشتر و بەر لەراپەڕین تا رادەیەك کۆمەڵگای کوردەواری لەرووی ئامراز و پەیوەندییەکانی بەرهەمهێناندا بەکۆمەڵگایەکی کشتوکاڵی یان فیۆداڵی دەستنیشان دەکرا، کەچی ئەمڕۆ لەسایەی ئەو دەسەڵاتە مشەخۆرەدا کۆمەڵگا ئەوەندە بێ ژێرخانی ئابوورییە کە ناکرێ و نازانرێ بەچ شێوەیەك پۆلین بکرێت.!!.. کۆمەڵگایەکی کشتوکاڵییە یان پیشەسازییە؟! فیۆداڵییە یان بۆرژوازییە؟!. کۆمەڵگا ئەوەندە لەدارِمان و داڕووخان و لێکترازاندا دەژییێت نە لەڕووی نەتەوەییەوە نە لەڕووی چینایەتییەوە و نە لەڕووی کولتوورییەوە زۆر سەخت و دژوارە ناسنامە و ئینتیمایەکەی دەستنیشان بکرێت. کۆمەڵگا خراوەتە رەوشێکی مێگەلبوونەوە، تاك هەرچی ئیرادە و داخوازی و هێڤی هەیە تێکشکێنراوە و بێ شوناس و بێ ئینتیما هێڵراوەتەوە. رەوشێکە توانستی چارەسەری هەموو ئەو دیاردە و مەسەلانە فەوتێنراوە و نەماوە و گەیشتوونەتە خاڵی بنبەستبوون و ئیدی گرفت و کێشەکان گرفت و کێشەی دیکە دەخولقێنن، ناکۆکی و ململانێ و قەیرانەکان ناکۆکی و ململانێ و قەیرانی دیکە دێننە کایەوە، تەنانەت قسەکردن لەسەر ئەو کێشە و گرفتانە خۆی لەخۆیدا بۆتە کێشە و گرفت...ئیدی ئەو دۆخەی لەم پازدە ساڵەی رابردوودا تێپەڕیوە بەیەکانگیربوونی لەگەڵ هۆکارەکانی دیکە، رێك دۆخێکی کائیوسی گشتگیری سەپاندووە، واتا لەهەموو کایە و بوارەکانی ژیانی کۆمەڵگای باشووردا دۆخێکی کائیوسی لەئارادایە.

4ك4)ـ لەرۆژگاری ئەمڕۆدا مرۆڤایەتی بەگشتی لەنێو دۆخی کائیوسیدا دەژییێت، هەرە زێدەش خۆرهەڵاتی ناوین و لەویشەوە ئێراق تەواو لەنێو دۆخی کائیوسیدا دەژییێت. تەنانەت ئەمڕۆ ئێراق لەخۆرهەڵاتی ناویندا، خۆرهەڵاتی ناوین لەجیهاندا بوونەتە چەقی دۆخی کائیوسی. هەڵبەتە هەر لەخۆڕا نییە ئێراق و ناوچەکە بوونەتە ناوەندی سەرجەم کێشمەکێش و ململانێیە هەمەلایەنەکان. ئەو بارودۆخەی کەوا جیهان و ناوچەکە و ئێراق تێیدا دەژییێت، راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ، کاریگەری مەزنیان بەسەر باشووری کوردستانیشەوە هەیە و دۆخە کائیوسییەکەی باشووری تەواو و کامڵ کردووە. واتا جیهان، خۆرهەڵاتی ناوین، ئێراق و باشووری کوردستان بەگشتی لەقۆناخی دووەمی کائیوسبووندا دەگوزەرێن، بەڵام ئێراق و باشووری کوردستان لەئاستی خۆرهەڵاتی ناویندا چەقی دۆخە کائیوسییەکەن. بۆیە ئەگەری دەستپێکردنی فەسڵی سێیەم و قۆناخی سێیەمی دۆخی کائیوسی لەباشوور و ئێراق و پاشان لەتەواوی خۆرهەڵاتی ناوین ئەگەری هەرە شیمانە بۆکراو و چاوەڕوانکراوە.  بەرلەوەی باس لەئەگەری هاتنەئارای قۆناخی سێیەمی کائیوس بکەین، کە خۆی لەشۆڕش و سەرهەڵدان و رێنسانس یان هەر قەڵەمبازێکی دیکەدا دەبینێتەوە، پێویست دەکات سەبارەت بەدۆخی کائیوس خاڵێکی دیکەی گرنگ باس بکەین، ئەویش ئەوەیە؛ ئەگەر لەرابردوودا لەسەردەمی میتۆلۆژیا و ئایینەکاندا دۆخی کائیوسی دۆخێك

بووه لەجوگرافیایەکی دیاریکراو و بەرەهەند و ئاستی دیاریکراو هاتۆتە ئاراوە، ئەوا بەمەش کاریگەری و ئاکامەکەشی تا رادەیەك دیاریکراو بووە یان بەشێوەیەکی دیاریکراو بەرهەمدار بووە. بۆ نموونە: ئەو کائیوسەی قەومی هود، لووت، یان ئیبراهیم یان موسا و عیسا و محەمەد تێیکەوتوون، زیاتر لە جوگرافیا و کولتووری قەومەکانیاندا بەکاریگەربوون، بەڵام پاشان دەرفەتی بەربڵاوی و تەشەنەسەندن بۆ هەندێکیان رەخساوە و ڤەبوون (فەتح)یان ئەنجامداوە، بەڵام لەرۆژگاری ئەمرۆدا؛ کە هەموو مەسەلە و دیاردەیەك گڵۆبالیزەبووە یاخود لەگڵۆبالیزەبووندایە، ئەوا مسۆگەر دۆخی ئێستای کائیوسیش گڵۆبالیزەبووە یاخود بڵێین لەگڵۆبالیزەبووندایە. ئەمەش بەو واتایە دێت قۆناخی سێیەمی دۆخی کائیوسیش قۆناخێکە زیاتر رەهەندێکی گڵۆبالیزەیی هەیە، بەڵام مەرج نییە لەیەك ئان و ساتدا بەهەمان قەبارە و ئاست و کاریگەری و بەهەمان ئاکام بێتەئاراوە. وەلێ مسۆگەر هەر جوگرافیایەك، هەر چییەکی تێدا روودبدات یان پەرەبستێنێ ئەوا کاریگەری لەسەر دۆخی جوگرافیاکانی دیکە دەکات. جا چ کەم بێت یان زۆر، راستەوخۆ بێت یان ناراستەوخۆ، پۆزەتیف یان نێگەتیف... دەرککردن بەم راستییە گرنگێتی خۆی هەیە... سەبارەت بەدۆخی کائیوسی باشوور، کە لەقۆناخی دووەمی خۆیدایە، چەندە ئەو قۆناخە قووڵتر و چڕتر ببێتەوە، ئەوەندەش لەدەستپێکردنی قۆناخی سێیەمی کائیوس نزیك دەبێتەوە. چەندە گۆڕانەکان لەباری چەندایەتییەوە بۆ باری چۆنایەتی خێراتر و فراوانتر ببن، ئەوەندەش دۆخی گەیشتن بەقۆناخی سێیەم نزیکتر دەبێتەوە. چەندە ئەو رەوت و بزاڤ و هێزانەی خوازیاری کۆتاییهێنانن بەدۆخی کائیوسی خۆیان تۆکمە و بەهێز بکەن و واقیعکردبن و لەنێو جموجۆڵ و چالاکی گۆڕانخوازی و وەرچەرخانخوازیدابن، ئەوەندەش زووتر دەگەنە قۆناخی سێیەم و ئەوەندەش قۆناخی سێیەم بەسەرکەوتوویی ئەنجامگیر دەکەن و کۆتایی بەدۆخی کائیوسی دێنن. واتا چەندە بتوانن بەرسڤی دۆخی کائیوسی بدەنەوە، ئەوەندەش دەتوانن مۆرکی خۆیان لەسەردەمی کائیوسی و دوای کائیوسیش بدەن. هەروەها بەپێچەوانەشەوە هەر راستە. واتا چەندە خوازیارانی دۆخی کائیوسی و ئەوانەی بەرژەوەندی و هەبوونیان لەهەبوونی ئەو دۆخە و بەردەوامبوونیدایە، ئامراز و شێواز و مقەویماتی بەرگەگرتن و لەسەرپێ مانەوە تۆکمە و بەهێز و هەمەلایەن بکەن، ئەوەندەش قۆناخی دووەمی کائیوس درێژە دەکێشێ و بەردەوام دەبێت، هەروەها چەندە ژمارە و قەبارە و چەندایەتی و چۆنایەتی ڤەدەرگەراکان، ئەوانەی دۆخی کائیوسی وەك ڤەدەر دەبینن، زیاتر و زیاتر ببن، ئەوەندەش کۆسپ و لەمپەرەکان لەبەردەم خوازیارانی گۆڕان و وەرچەرخان "شۆڕشگێڕان، رێنسانسخوازان، ریفۆرمخوازان، رۆشنگەران" زیاتر و گەورەتر دەبن و دەستپێکردنی قۆناخی سێیەم درەنگتر دەخەن. هەروەها چەندە لەجوگرافیاکانی دەروروبەری باشوور، بەپارچەکانی دیکەی کوردستانیشەوە، دۆخی شۆڕشگێڕی و رێنسانسی، واتا قۆناخی سێیەم، لەئارادا بێت و لەپەرەسەندن دابێت، چەندە جوگرافیا دوورەکانی دیکەی ناوچەکە و جیهان، بەتایبەتی ئێراق، گەیشتبنە قۆناخی سێیەم، ئەوەندەش کاریگەری لەزوو هاتنەئارای قۆناخی سێیەم لەباشووردا دەکەن، واتا زەمینەی گۆڕان و وەرچەرخان لەباشوور زیاتر دەبێت. بە لەبەرچاوگرتنی ئەو راستیانە، ئەمرۆ لەباشووردا هێدی هێدی ئاماژەکانی دەستپێکردنی قۆناخی سێیەم بەدیار دەکەون، ئاماژەکان ئاماژەی سەرەتایین، بەڵام ئاماژەی جددی و گرنگن، پاسیڤن بەڵام ئەگەری ئاکتیڤبوونیان هەیە، پارچە پارچە و لێکدابڕاون بەڵام ئەگەری گردبوونەوە و ئاوێتەبوونیان تا ئاستی یەك وزەیی و یەك هێزیان هەیە. بۆ نموونە: ئەم ژمارە زۆرەی کوشتن و خۆکوشتن و خۆسووتاندنەی ژنان، کۆچکردنی لاوان ئاماژەن و رەفلێکسن بۆ پەسندنەکردن و بەرگەنەگرتنی دۆخی کائیوسی. دەرکەوتنی چەندین رەوت و بزاڤی سیاسی، کۆمەڵایەتی و کولتووری ئاماژە و رەفلێکسن، هەرچەندە لاوازیش بن و لەیەکدی دابڕاو بن. ئەو هەموو رێپێوان و راپەڕین و مانگرتنانەی جەماوەر، بەتایبەتی لەقەزا و ناحییەکاندا ئاماژەن بۆ بەخۆوە کەوتنی جەماوەر، ئەگەرچی بێ پێشەنگ و بێ رێکخستن و لەیەك دابڕاویش بن، هەروەها کەمبوونەوەی ژمارەی دەنگدەران لەهەڵبژاردنەکان و لاوازبوونی متمانەی خەڵکی بەو بەڵێن و پەیمانانەی پێیان دەدرێن. هەروەها زیادبوونی دیاردەی ئینشیقاق و دەستەگەری و کوتلەبازی نێو هێزە دەسەڵاتدارەکان یان ئەوانەی لەسێبەری دەسەڵاتداراندا دەژین و ... هتد، ئەمانە و چەندین ئاماژەی دیکە، کە دەکرێ زیاتر باسیان لێوە بکرێت، ئاماژەی سەرەتایی دەستپێکردنی قۆناخی سێیەمی دۆخی کائیوسییە.

لەپێناو دەستپێکردنێکی تەواوی ئەو قۆناخە پێویستی بەپرۆژە و بەرنامە و قوربانی و خۆ تۆکمەکردنی زیاتری بزاڤ و رەوتە گۆڕانخوازەکان هەیە. هەروا بەئاسانی و لەخۆوە و لەخۆڕا قۆناخی سێیەم دەست پێناکرێت. بەڵام هەموو ئەو کەسێتی و بزاڤ و هێز و رەوت و لایەنانەی خوازیاری گۆڕان و وەرچەرخانن ئامانجیانە کۆتایی بەدۆخی کائیوسی ئێستای باشوور بهێنن، پێویستە لەئەقڵییەت و چەمکی کار و چالاکی خۆیاندا ئەم چەند خاڵەی خوارەوە بەبنەما وەربگرن کە دەکرێ بەپرەنسیپ یان بنچینەی دەستپێکردن و سەرکەوتنی قۆناخی سێیەم دابنرێن، ئیدی ئەم قۆناخە بەشۆڕش یان راپەڕین یاخود رێنسانس یان هەر ناوێکی دیکەی لێبنرێت، گرنگ ئەوەیە گوزارشت لەگۆڕان و وەرچەرخان بکات و ئەو پرەنسیپانەی خوارەوە بەبنچینە وەربگیردرێت:ــ 1- پێویست دەکات ئەو قۆناخەی گۆڕان و وەرچەرخان لەزیهنییەت، ویژدان، مۆڕاڵ و ئەخلاق بکاتە ئامانج و کاری بنچینەیی.

2- لەگەڵ پەیوەستبوون و گەڕانەوە بۆ رەسەنایەتی و ژیاندنەوەی میراسی کولتووری و شارستانی کۆمەڵگا (گەل) ئاوێتەگیریش بێت بەگیانی سەردەم و ئەو پێشکەوتنانەی ئاستی مرۆڤایەتی پێیگەیشتووە، بەبێ لەدەستدانی ناسنامە و ئینتیمای رەسەن.

3- پارادیگمای بونیادنانی کۆمەڵگایەکی ئیکۆلۆژی – دیموکراتی بەبنەما وەربگرێ و تاکێکی ئازاد و کۆمەڵگایەکی سڤیل و بەختەوەر و دادپەروەری بئافرێنێ.

4- دەسەڵات و سیاسەت لەدەست نوخبە و چینی باڵادەست رزگاربکات و لەچوارچێوەی سیستەمێکی کۆنفیدراڵی دیموکراتی کە دەسەڵات و بەڕێوەبردن بەسەر هەموو پێکهاتە ئیدارییەکان"گوند – شارەدێ – قەزا – شار" و ئاینی و مەزهەبی و ئەتنیکییەکاندا دابەشبکات و بکاتە ئامانج.

5- لەکار و چالاکی و جموجۆڵەکانی رەوت و بزاڤە گۆڕانخوازەکاندا شێوازی ئاشتی و پرەنسیپەکانی مافی مرۆڤ و دیموکراتی و سەرپێچی مەدەنیانە بەبنەما وەربگیردرێت و مافی بەرگری رەوا وەك مافێکی بنچینەیی ببینرێ، هەروەها پرەنسیپی کۆلەکتیف و کار و پرۆژە و بەرنامەی هاوبەش بەبنچینە وەربگیردرێت.

6- بەپێشەنگی ژنان، لاوان، رۆشنبیران پرۆژەی گۆڕان و وەرچەرخان ببێتە موڵکی هەموو چین و توێژ و ئەتنیکێك لەنێو کۆمەڵگادا. ئەم خاڵانە چەند بنەمایەکن بۆ دەستپێکردن و سەرخستنی قۆناخی سێیەم کە رێنسانس و گۆڕان و وەرچەرخان بەئامانج وەردەگرێت، دەکرێ چەندین خاڵ و بنەمای دیکەش زیاد بکرێن و بەوردی لێکدانەوە و شرۆڤەیان لەسەر بکرێت و چوارچێوەیەکی گشتی دابرێژرێت. ئەوەی ئەم قۆناخە دەگەیەنێتە سەرکەوتن باوەڕ و هیوا و ئیرادە و شێلگێرییەکی تۆکمە و بەهێزە و جورئەتێکی مەزن و هۆشیارییەکی قووڵە. بێگومان هەرگیز ناکرێت دۆخی کائیوسی لەقۆناخی دووەمەوە بگەڕێتەوە قۆناخی یەکەم، بەڵام درێژبوونەوەی قۆناخی دووەمیش لەئەگەری دەستپێنەکردنی قۆناخی سێیەمیش ئەگەرێکی چاوەڕوانکراوە. بۆیە دەستپێکردنی قۆناخی سێیەم بەوپەڕی جورئەت و هیواوە گەرەنتی هەرە مەزنە بۆ رزگاربوون لەم دۆخە کائیوسییەی کە ئێستا لەباشووری کوردستان و ئێراقدا بەقووڵی دەگوزەرێ...